کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-5-2007 19:18

## کارە تێرۆریستیەکەی هەولێر هیچ پەیوەندیەکی بە لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمەوە (لە پەرلەمانی ئەوروپا) نیە ... (هیوا موحەمەد)

بەداخەوە هەندێک نووسین و لێدوانی تەلەفزیون و ئەلاو ئەولا وا بۆی دەچن کە کارەتێرۆریستیەکەی بەردەم وەزارەتی ناوخۆ پەیوەندی هەبێت بەو لێدوانانەی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانی ئەوروپا.. ئێمە بەم بۆ چوونە پلەیەکی وا بلند دەدەینە ئەو گروپە تێرۆریستانە کە خۆیان لە ڕاستیدا خاوەنی نین، ئەگەر ئەوانە ئەوەندە بە ڕێکخستن و پتەون لە کوردستاندا کە چاوەڕێی ئەوە بکەن پێ بەپێی ئێمەو سەرکردەکانی ئێمە وەڵام بدەنەوە ئەوە دەکرا پێش ئەمەش کە چەندین لێدوانی دیکە دراوە ئەوانە کارێکی تێرۆریستیان ئەنجام بدایە.. ئەوان ئەوەندە بەتوانا نین لە کوردستاندا کە لە ماوەیەکی ئاوا کورتدا و لە شوێنێکی وا هەستیاردا وەڵام بدەنەوە، دەکرا ئەگەر ئەوە لە بەغدا ئەنجام بدرابایە بەرامبەر بە کورد بڵێین پەیوەندی هەیە چونکە لە بەغدا ڕۆژانە کاری خۆکوژی و تێرۆریستی دیکە ئەنجام دەدەن.. یاخود هەندێک پێیان وایە کە ئەمە وەڵام دانەوەی ئەوانە لە بەرامبەر بەشداری پێشمەرگەی کورد لە ئۆپەراسیونە کانی بەغدا، لێرەشەوە ناتوانین بڵێین پەیوەندی هەیە چونکە ئەو پێشمەرگانە لەوێ چوون بەرامبەر ئەوان دەجەنگن و لەوان دەگرن و دەکوژن، ئەوانیش دەکرێت کارێ بکەن کە زیان بە بوونی ئەوان بگەیەنن.. من پێم وایە کە دەتوانین ئەم کارە بەم جۆرە لێک بدەینەوە: زۆرجار کە دەبیستین هەندێک لە سەرانی سیاسیمان زۆر بەزەقی باس لەوە دەکەن کە لە کوردستاندا ئاسایش باشە و هێمن ی بەرقەرارە لە لایەکەوە ئەم لێداوانانە ئەوان هان دەدات کە دزە بکەن بۆ ناو کوردستانیش (هەر بەومەبەستەی کە ئەوان بە درۆبخەنەوە) و بیسەلمێنن کە لە کوردستانیشدا هەن. دیارە کە تێرۆریستان پێیان لە کوردستان نەبڕاوە، بەڵام بۆ پاراستنی ئەمنی خۆیان کارەکانیان لە کوردستاندا کەم دەکەنەوە و دەکرێت شارەکانی کوردستان زیاتر بەکار بهێنن بۆ خڕکردنەوە و یەک خستنەوەی خۆیان.. لەوەی کە لە کوردستاندا تەقینەوە کەمە مانای ئەوە نیە کە تێرۆریستان بن بر بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی کورد زیاتر لە شارەکانی عێراق ئاسایشی خۆی دەپارێزێت و حکومەت بە هی خۆی دەزانێ ئەوە کاری ئەوان کەمتر دەبێتەوە.. ئەوجار ئەوان (تێرۆریستان) لە مێژە مەبەستیانە لە وەزارەتی ناوخۆ بدەن و ئەمە یەک جار نیە، بۆیەش دەبوا کارمەندانی ئەم وەزارەتەو ئاسایش خافڵ نەبونایە و ئەوەیان لە بیر نەچوایە کە ئەوان بە پلەی یەکەم ئامانجن.. بۆ دەبوا ئەوان کارێک بکەن کە لۆرییەک بتوانێ ئەوەندە لێیان نزیک ببێتەوە؟ دەکرا خاڵی پشکنینیان زۆر دوور تر بێت لە بنکەکانەوە.. لە پێش ئەم ڕووداوە لە دوو مانگی ڕابردوە وە دوو جار لە ناوچەی پێنجوێن هێرش کراوەتە سەر خاڵەکانی پۆلیس.. دەبوا ئەمانە سیگنالیان بدایە بە هەموو هێزی پێشمەرگەو و ئاسایش و پۆلیس کە لە ئامادە باشی تەواودا بن.. پێویستە ئەوەشمان لە بیر نەچیت کە چەند ڕۆژێک پێش ئەو کارە نارەوایەی هەولێر، لە ناو شاری هەولێردا پۆلیس و ئاسایش دەستیان کرد بە دانانی خاڵی پشکنین و دەست گرتن بەسەر چەکداو لێ کردنەوەی نایلۆنی ڕەش بە جامەکانی ئۆتۆمێلەکانەوە، دیارە لێرەدا و بەهۆی ئەم کارانەوە تەنگیان پێ هەڵچنیون و ئەوەی پێیان بووە لەوێدا بەکاریان هێناوە لەترسی ئەوەی کە نەوەکو بگیرێت.. یان وەڵام دانەوەی ئەو فشارە بوە کە لە لایەن پۆلیس و ئاسایشەوە لەسەریان بوە.. ئەوانەی شەهید بوون کەسی ئێمەن و لەهەر جێگەیەک بین دلمان بۆیان دەسووتیت، هیواش دەکەین کە زیاتر پاسەوانانی وڵات بە ئاگا و وریا بن با دەستی تێرۆریستان لە کوردستاندا تەشەنە نەکات، دەنا ژیانی ئێمەش لەو کوردستانە بەهەشتەدا دەبێتە دۆزەخ... دەبێ تاکی کوردیش بیر لەوە بکاتەوە کە هەرچاوێک بکاتە دوان بۆ دۆزینەوەی ئەو شەمشەمە کوێرانەو ئەو مێشک بۆگەنانە، دەنا منداڵەکانمان بە ئاسوودەیی ناتوانن بچنە قووتابخانەو بە سەلامەتی بگەڕێنەوە باوەشمان...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.